Research Center

# کەسایەتی و پاشخانی جەعفەر سەدر

23-03-2022

## نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** پاش تێپەڕبوونی پێنج مانگ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لە بۆرسەی بەربژێرکردن بۆ سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق، لەپڕ ناوی جەعفەر سەدر باڵیۆزی ئێستای عێراق لە لەندەن، هاتە سەرناوان و بەخێرایی رەزامەندیی ئاشکرا و راگەیێندراوی لایەنە ناکۆکە شیعەکانی وەرگرت، بەر لەوەی مەرج و بەندوبارەی دواتر، کۆدەنگییە شڵۆق و بەراییەکە لەسەر ناوبراو بشێوێنیت.

**یاسین تەها|**

پاش تێپەڕبوونی پێنج مانگ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لە بۆرسەی بەربژێرکردن بۆ سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق، لەپڕ ناوی جەعفەر سەدر باڵیۆزی ئێستای عێراق لە لەندەن، هاتە سەرناوان و بەخێرایی رەزامەندیی ئاشکرا و راگەیێندراوی لایەنە ناکۆکە شیعەکانی وەرگرت، بەر لەوەی مەرج و بەندوبارەی دواتر، کۆدەنگییە شڵۆق و بەراییەکە لەسەر ناوبراو بشێوێنیت.

لە پاش 2010 ئەمە دووەم جارە ناوی جەعفەر سەدر بەربژێر دەکرێت بۆ سەرۆکایەتی وەزیران، ناوبراو تاقە کوڕ و یادگاری بەجێماوی رابەری رۆحیی ئیسلامی سیاسی شیعەی عێراق(ئایەتوڵڵا محەممەد باقر سەدر)ە. باوك و پوریشی (ئامینە) بەپەتی سێدارەی بەعس خنکێنراون (1980)، لەلای دایکییەوە خوشکەزای "ئیمام موسا سەدر" ی بێسەروشوێنە (1978) کە یەکێکە لە رێبەرە رۆحییەکانی شیعەی لوبنان، لەبەر ئەم پاشخانەش لایەنە شیعە عێراقییەکان ناتوانن بە ئاشکرا جەعفەر سەدر بخەنە بەر رەخنە و هەڵسەنگاندن وەك ئەوەی بۆ بەربژێرەکانی دیکەی سەرۆکوەزیران دەیکەن و زۆجار تاڕادەی ناوزڕاندنیش دەڕوات.

جەعفەر سەدر (52 ساڵ) ئەزموونێکی ناسەرکەوتووی لە کاری پەرلەمانتاری لەسەر لیستی دەوڵەتی یاسای مالیکی (2010) هەیە و پاش ساڵێك دستبەکاربوون خێرا کشایەوە، بەڵام لە 2019 لەنێو هەراوخۆپیشاندانی تشرین دا بەبێدەنگ، وەك باڵیۆزی عێراق لە شانیشنی یەکگرتووی بەریتانیا دەستبەکاربوو، لەکاتێکدا لە سیڤییە فەرمییەکەیدا بڕوانامەکانی بریتین لە خوێندنی ئایینی، بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر لە زانستی کۆمەڵناسی. ناوبراو دەرچوو یان قاڵبووی بەشی دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان نییە.

منداڵی و گەنجێتی جەعفەر سەدر پڕە لەتەمومژ و ئاڵۆزی. چونکە پاش لە سێدارەدانی باوکی (سەدری یەکەم)، لە ماڵی ئایەتوڵڵا حوسێن سەدری ئامۆزای باوکی و مێردی خوشکەکەی لە کازمییەی بەغدا ژیاوە. دواتر گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی لەدایکبوونی لە نەجەف و لە حوجرەکانی باوکی موقتەدا (محەممەد سادق سەدر) خۆی حەشارداوە تاوەکو دەرفەتی بۆ رەخساوە بچێتە ئێران (1998) و پاشان بۆ خوێندنی ئەکادیمی روو لە بەیروت بکات.

جیاواز لە پراکتیزەکردنی میتۆدەکانی باوکی کە دامەزرێنەری حیزبی دەعوەیە (1957)، جەعفەر سەدر لە هەندێك هەڤپەیڤین دا باسی لەوەکردووە بڕوای بە نموونە ئیسلامییەکانی ئیخوان و تالیبان و تەنانەت کۆماری ئیسلامی ئێرانیش نییە، لەبەرامبەر ئەوەشدا باسی لەوەکردووە کە ئیسلام مافی دەمڕاستیکردن و ویلایەت ناداتە کەس و، کەس بۆی نییە بەناوی خواوە فەرمان بکات، بەڵکو بەتێگەیشتنی ئەو، ئیسلام داوای پرەنسیپەکانی دادگەری و ستەم نەکردن دەکات و هەرکات ئەوە هاتەدی ئەوە جێگەی رەزامەندییە، چونکە "ئایین گرنگی بە نێوەڕک دەدات نەك رووخسار".

بەهۆی ئەوەی باوکی جەعفەر سەدر سیمبوول و باوکی رۆحی دەعوەیە و، بۆ خۆیشی پێشتر لە لیستی ئەم حیزبە (دەوڵەتی یاسا) بووەتە پەرلەمانتار (2010)، هەندێك پێیانوایە زیاتر لە مالیکییەوە نزیکە، لەوکاتەشدا کە خۆی بەربژێر کرد باسی لەوەکردبوو کە هێشتا پڕۆژەی "رەوتی سەدر" نەخەمڵیوە بەتایبەت سەبارەت رەتکردنەوەی توندوتیژی و لایەنگریکردنی رەها لە مەرجەعییەتی دەوڵەت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە بنەماڵەی سەدرە و برای ژنی موقتەدایە و هەر ئەویش کاندیدی کردووە بۆ سەرۆکایەتی وەزیران، ئێستا زیاتر بووەتە بژاردەیەکی سەدری، خۆشی لە دیدارەکانیدا باسی لەوەکردووە ئەو پەروەردەی سەدری دووەمە کە لەپاش باوکی ئامێزی بۆ کردووەتەوە و لە شاری نەجەف داڵدەی داوە. هەروەها هاوڕێی سەردەمی منداڵیی موقتەدایە و پێکەوە لە حوجرەکان وانەی شەریعەتیان خوێندووە و کیمیایەکی هاوبەش لە عەقڵ و بیرکردنەوەی هەردوولایاندا هەیە.

لایەنەکانی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی" ناچاربوون بەژێر لێوەوە پێشوازی لە بەربژێرەکەی موقتەدا بکەن، هەندێکیشیان رەنگە پێیان خۆشبێ ناوی ئەویش وەك بەربژێرەکانی دیکە بسووتێت یان لەسەر کورسی دەسەڵات بەدەردی عادل عەبدولمەهدی بڕوات و بەم جۆرەش لە هالەی ماڵی سەدر رزگار بین، بەڵام دواتر بە رێگەی ناڕاستەوخۆ کەوتنە دزەپێکردنی زانیاری نەرێنی لەبارەی جەعفەر سەدرەوە لەهەمووشی سەیرتر بانگەشەکردنی ئەوەیە کە گوایە بەگوێرەی راپۆرتە پزیشکییەکان، ناوبراو دۆخێکی دەروونی تایبەتی هەیە، داخراوە، مڕومۆچ و گۆشەگیرە، ئەمەشی لە رۆژگاری خۆشاردنەوە لە چاودێریی دەزگا سەرکوتکارەکانی سەدام بۆ دروستبووە!

جەعفەر سەدر، لە سەردەمی ترەمپ دا لە وێنەیەکدا لەنێو ئەو شاندە عێراقییەی سەردانی ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکایان کرد دەرکەوت (2019)، بەر لەوەش دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ شاژن ئێلیزابێسی دووەم هەبووە کە دۆسییەی دەستبەکاربوونی لێوەرگرت، دەکرێت بگوترێت ئەمیش لەڕیزی ئەو بەربژێر و سەرۆکوەزیرانانەی عێراقە کە لینك یان پەیوەندی یان ئاشنایەتییان لەگەڵ بەریتانیا و وڵاتانی

ڕۆژئاوا بەهێزە (عەللاوی، عەبادی، عەبدولمەهدی و کازمی).

ساڵانی گۆشەگیری منداڵیی جەعفەر سەدر کە تاقانەی پێنج خوشکە و ئێستا چوار کچ و دوو کوڕی هەیە، یارمەتیدەربوون لەوەی لە زۆر باس و بابەتی تیۆری قووڵ ببێتەوە و، ئەمەش لەو چەند هەڤپەیڤینەی لەبارەی بیروباوەڕ و تێڕوانینی ئیسلامی هەیەتی دیارە، بەڵام لایەنی خراپیشی کەمدوویی، شەرمنی و داخراوییە و ئەمەش، بۆ سەرۆکایەتی وەزیران لە عێراقدا کە شەیدای وتاربێژەکانن لایەنێکی نەرێنییە. جگە لەوەش هەندێك باس لەوە دەکەن کە خوێندنی لە حەوزە و لە کۆمەڵناسی دوورە لە ئیدارەی دەوڵەت و کاتێکیش بووە باڵیۆز لە بەریتانیا کەرەنتینی کۆرۆنا و وەستانی ژیان و چالاکییەکان نەیانهێشت لە شاری لەندەن چالاکی زۆری هەبێت، هەندێك لە عێراقییەکانی بەریتانیاش دەڵێن ئینگلیزییەکەیشی باش نییە، بەڵام هەندێکی دیکە لەوانەی لە بەریتانیا دەژین باس لەوە دەکەن وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی لە کار و کارنامەکەی رازین و پێیانوایە لە باڵیۆزەکانی پێش خۆی باشتر کاری کردووە.

جەعفەر سەدر جگە لە بنەماڵەی سەدر خاوەن هیچ حیزب و باڵێکی سەربازیی تایبەت نییە، پەیوەندیشی لەگەڵ چواردەوری موقتەدا زۆر باش نییە و دەگوترێت وەك ئەوان نییە. بەربژێرکردنی لەلایەن سەدرەوە دەیخاتە بەرەی رکابەریی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی" لەڕووی سیاسییەوە، چونکە بژاردەی ئەوان نییە و بۆ تێپەڕاندنیشی مەرجی ئەوەیان هەیە کە سەرجەم لایەنەکانی شیعە "گەورەترین لیست" دروستبکەن و جەعفەر سەدر ببێتە بەربژێری ئەوان و بەگوێرەی بەرنامەی ئەو لیستە بەربژێر بکرێت.

ئەگەر جەعفەر سەدر بەربژێری سەدر بێت یان زۆرینەی شیعی لە هەردوو بارەکەدا ناوبراو زیاتر وەك ماسکێکی نەرم دەردەکەوێت بۆ هێزە قووڵەکانی دەسەڵات و سەرەنجامیش دوورنییە وەك سەرۆکوەزیرانەکانی دیکە بسووتێت، ئەوکاتیش ئەمە دەبێتە پەڵەیەك بۆ میرات و کاریزمای سەدری باوك و بنەماڵەکەی کە ئێستا وەك "قدیس" تەماشا دەکرێن، هەر لەم سۆنگەیەشەوە هەندێك لەوانەی خۆیان بەدڵسۆزی بنەماڵەی سەدر و خەتی شیعەگەری دەزانن، نەیاری ئەوەن کوڕی باقر سەدر بۆ سەرۆکایەتی وەزیران بەربژێر بکرێت، هەندێکی دیکەشیان کە هێشتا لەسەر یادگاری سەدری یەکەم دەژین، پێیانوایە هاتنی جەعفەر سەدر بەرجەستەکردنی گفتێکی خوداییە کە رۆژێگارێك دێت و خەڵکانی ستەملێکراو دەکاتە سەردار و جێنیشین!